«پلانی فێرکاریی هاوچەرخ»م خوێندەوە، ئافەرین ڕێکخراوی «کۆمەک!»

تەها بەرواری، وەزیری وەرزش و لاوان – حکومەتی کوردستان.

یەکێک لە کێشە گەورەی لاوان کە لە »نەخشەڕێی لاوان» ی وەزارەتی وەرزش و لاواندا هاتووە و بە هاوڕایی هەموو لایەکی پەیوەندیدرا داڕێژراوە کێشەی کزیی ئاستی فێرکارییە لە کوردستان. وەزارەتی پەروەردە کارێکی زۆری کردووە بۆ چاکسازیی سیستەمی فێرکاری و کۆنفەرانسێکی سەرکەوتووی لە ساڵی 2007 دا بۆ ئەم مەبەستە ساز کرد. وەزارەتی وەرزش و لاوان چالاکانە لەو کۆنفەرانسەدا بەشدار بوو. بێگۆمان گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردەدا کارێکی فرەلایەن و هاوئاهەنگی گەرەکە.

زۆر گرنگە سیستەمی فێرکاریی کوردستان لە سیستەمێکی لەبەر کردن (دەرخ) ـەوە بکرێتە سیستەمێکی تێگەییشتن و ڕاهێزانی توانای فێرخوازان، پێگەیاندنیان بێت.
بەشێک لەو تێبینیانەی پێشتر لە مێدیادا ئاڕاستەی وەزارەتمان دەکرا دەیانگوت بۆچی وەزارەتی وەرزش و لاوان خۆی خەریکی هەندێک کار کردووە کە کاری ئەوان نییە؟ بۆچی وەزارەتی وەرزش و لاوان خەریکی ژنپارێزییە؟ بۆ خەریکی ژینگەپارێزین؟ بۆچی فەرهەنگخانە دەکاتەوە کە کاری وەزارەتێکی دیکەیە؟ بۆچی کارگەی درووماني لاوان لە ڕزگاری دەکاتەوە کە کاری وەزارەتێکی دیکەیە؟ و هتد. وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بەوە دەدەمەوە کە ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوکاری و هاوئاهەنگیی لە بواری لاواندا کۆمیتەیەکی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەی حکومەت ناوی کۆمیتەی هاوبەشی لاوانە. لەو کۆمیتەیەدا وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەربارەی دۆزی لاوان ڕاوێژ دەکەن.

لەو وەڵامە بترازێت، بە دیتنی من هەم ئەو پرسیارانە و هەم کێشەی دیکەی گەورەی جڤاتی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیستەمی فێرکاری ئێمە پاشماوەی پاشخانێکی سیاسیی ڕابوردووە. ڕووداوی وەڵاتیش تێژڕەو بوون، تاز بە تازە خەریکین بە ئەجێندایەکی کوردستانی بناخەی سیستەمی نوێ بۆنیات دەنێین. ئەو دید و بۆچۆنانەش زادەی ئەو سیستەمە کۆنەی فێرکارییە. کادری پەروەردەییمان وەک کادیرانی سێکتەری دیکەی بواری جیاواز بەرهەمی ئەو ڕەوشە بوون. چارەسەر کردنی کێشەکانی فێرکاری و سەرخستنی ئاستی خەێندن پێویستی بە چەندین خاڵی هەرە گرنگ هەیە، یەکیان ڕاهێنانی کادری پەروەردەییە بە سیستەمێکی وەها گۆزارشت لە سیاسەتی تازەی حکومەتی کوردستان بکات. ئەمیش بە بەرهەمهێنانی کەسایەتییەکی کارامە دێتە ئەنجام. لەم کارەشدا ڕۆڵی مێشکەکانی کوردستانیانی دەروەی وەڵات کاریگەرە و دەبێ وەک تیمێکی پتەوی گەورە لەم بوارەدا هاوکار بن. لە نزیکەوە ئاگام لێیە ڕێکخراوی «کۆمەک» بۆ هاوکاریی وەزارەتی پەروەدە نەخشێکی زۆر جوان دەبینێت لە ڕاهێنانی مامۆستایاندا.
جگە لە ڕاهێنانی مامۆستایان، ڕێکخراوی کۆمەک شاکارێکی نوێی هێناوەتە بەرهەم. لەم ڕۆژانەدا پەرتووکی «پلانی فێرکاریی هاوچەرخ بۆ فێرگەی بنەڕەتی» یان بە چاپ گەیاند و نموونەیەکیان پێشکەش کردم. دەستم دایە خوێندنەوەی و هەتا نەگەیشتمە دوا لاپەڕە کتێبەکەم وەلا نەدا. ئەم پەرتووکە فەلسەفەی سیستەمی فێرکاری دیاری دەکات، ئامانجی خوێندنی هەر بابەتێک ڕوون دەکاتەوە.

شامەبەستی ئەم پلانی فێرکارییە، وەک خۆی ئاشکرای دەکات، دوو خاڵە:
1) فێرگە بۆ هەموانە
فێربوون بۆ هەموانە - ئەرکی جڤاتە یەکسانی لە فێربووندا دابین بکات و بەڕاستی دەرفەتی خوێندنی یەکسان بۆ هەموان بڕەخسێنێت.

پلانی فێرکاری دەبێت واڵا بێت، هەموو مرۆڤێک لە هەر تەمەنێکدا بێت بۆی هەیە هەر کاتێکی خۆی پەسەندی کرد و باردۆخ لەبار بوو، بێتەوە ناو سیستەمی فێرکاری بۆ فێربوونی زانست و هونەری نوێ. لەبەر ئەوە دەبێت سیستەمی فێرکاری هەردەم لە نوژەن کردنەوەدا بێت.

2) فێرگە بۆ بارهێنانی مرۆڤێک بێت:

- توانا و بافەرهەنگ، فرەزان و داهێنەر
- مرۆڤدۆست و دێموکرات: میللەتدۆست و ژنپارێز
- وەڵاتپارێز و ژینگەپارێز
- هونەردۆست و زانستپەروەر
- کارا: کارامە و دڵسۆز، هاوکار و پەرۆش

پلانی فێرکاریی هاوچەرخ کە دێتە سەر باسی وەرزش دەڵێت:
((جووڵە بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە، بۆ هێشتنەوەی توانای لەش دەبێت بەشەکانی لەش بخەینە کار. هەروەها بۆ بەهێز کردنی ماسولکەکانی لەش، گرنگە وەرزش بەشێوەیەکی زانستی و بەردەوام ئەنجام بدرێت.)) .



ئەم پلانی فێرکاریی هاوچەرخە لە سیستەمی فێرکاریی سکاندیناڤی / نۆرویژییەوە سەرچاوە دەگرێ و بە شێوازێکی پوختە و ڕێک لەگەڵ بارودۆخی کوردستاندا هەموار کراوە. لە 116 لاپەڕەی گەورەدا، بە چاپێکی جوانی شایەستە وەک دیارییەک بۆ پێشخستنی سیستەمی فێرکاریی کوردستان هێنراوەتە بەرهەم.
وێڕای دەستخۆشیەکی گەرم لە ڕێکخراوی کۆمەک بۆ ئەم بەرهەمە بەپێزە بڕیارمان دا بە کڕینی ژمارەیەک لەو بەرهەمە بۆ پەرتووکخانەی فەرهەنگخانەکانی وەرزارەتی وەرزش و لاوان و داواش لە لاوانی فەرهەنگخانەکان دەکەم وەک سەرچاوەیەکی گرنگی خۆ پێگەیاندن کاری لەسەر بکەن و ئەوانیش لە جێی خۆیانەوە بۆ سەرخستنی ئاستی هەم خۆیان و هەم دەوروبەر ببنە باشیرین هاوکاری مامۆستایان.
بواری فێرکاری و ڕۆڵی مامۆستا گرنگترین بوار و گەشترین ڕۆڵن. لە دیداری ڕۆژی 27-6-2009 ی هێژا سەرۆکی هەرێم لەگەڵ وەزیر و کادرانی وەزارەتی پەروەردە، سەرۆکی هەرێم سەنگی بواری فێرکاریی بەرز نرخاند و فەرمووی مامۆستایان بەهاترین سامانی گەلی کوردستانن، چونکە مامۆستا دروستکەری مرۆڤن و ئەمەش لە هەموو کارێکی دیکە سەرەکیتر و سەختترە.
هیوای من ئەوەیە بەو هاوکارییەی لە کۆمیتەی هاوبەشی لاواندا هەیە ئەم پەرتووکە سەنگی خۆی وەربگرێت و ببێتە مایەی سوود بۆ هەموان. مێدیای بەرپرس دەتوانێت ئەم دەستپێشخەریەی کۆمەک - کە نە یەکەم و نە دوا بەرهەمیش دەبێت – بکاتە بابەتی دێباتێکی باش بۆ بەرژەوەندیی کوردستان و سوودەکانی بەرجەستە بکات.
کۆمەک لەم بەرهەمەدا لە زانینەوە دەدوێ، بریا گشت بوارەکانی دیکەی کوردستان شاکاری لەم بابەتەیان دەبوو.

لە ماڵپەڕی Peyamner.com وەرگێراوە، ٦/ ٢٠٠٩